

# لە بەهەشتی ئامێزە دا

**حەمە سەعید حەسەن**

بەخێر هاتی
ئەی میوانی درنگوەختی ژیانی من
دواییت هێنا
بە سالانی رەش و سەختی ژیانی من
(تا نەتمزی
نەمدەزانی لە زارمدا زمان هەیە)*
تاکوو باسکت نەکردبوو بە سەرینم
نەمدەزانی لە جەستەمدا رەوان هەیە
تا لە یەکدی نەئالابووین
نەمدەزانی ژنی هێندە نیان هەیە
تا بەهەشتی نێو ئامێزی تۆم نەدیبوو
نەمدەزانی لە دوای مردن،
ژیان هەیە.

٢٠٠٢/٥/١٩

* ئەو رستەیە دارشتنەوەیەکی دێکەی کورتە شیعرێکی (محەمەد کوردۆ)یە. چریەی دل، ل ٤٢، سلێمانی ١٩٩٩.